# دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤ بوونی هەیە تاوەڵامبداتەوە!؟

**بۆ:ڕای گشتی کوردستان**

وەکو ئەوەی چاوەڕێ دەکرا هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاپۆرتەکەی بداتەوە ناوەندێك بەناوی گوایە دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤی هەرێمی کوردستان وەڵامی داوەتەوە. لەڕاستیدا ئەم وەڵامە نەك نابێتە هۆی ئەوەی ئەم ڕێکخراوە بێدەنگ بێت و بەخۆیدابچێتەوە و داوای لێبوردن لەهەرێمی کوردستان بکات، بەڵکو هەرێمی کوردستان دەبێت لەبەرامبەر ئەم تۆمەتەی بۆ ڕێکخراوی ناوبراوی داتاشیوە داوای لێبوردن بکات، چونکە وەکو ئەوەی پێشتر ئێمە ڕامانگەیاندبوو ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە پشتیان بەبەڵگە و دیکۆمێنت بەستووە و هیچ یەکێك لەکەیسەکانی ناو ڕاپۆرتە لەخۆوە نەنوسراون.

بەڵام جێگەی نیگەرانیە کەلەسەدەی بیست و یەکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمەت بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دروست بکات وا وەسفی بکات کەبەمیزاج ڕاپۆرت دەنوسێت یاخود بێویژدانی تێدایە .لەڕاستیدا تەواوی دەستەواژەکانی ناو وەڵامەکەی حکومەتی هەرێم کەنابێتە جێگەی بایەخ لای ڕێکخراوی ناوبراو تەنیا لەو دامەزراوەیەی هەرێم دەوەشێنەوە بەرامبەر ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە دەبێت هەموو لایەکیش ئەو ڕاستیە بزانن کەوەکو پێشتر ڕامانگەیاندبوو بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی ڕەوشی ڕاگەیاندن و مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی باڵاتر و توندتر ڕەخنە لەحکومەتی هەرێم دەگیرێت بەشێوازی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەش دەبێت چاوەڕوان بین لەڕۆژانی داهاتوودا ڕاپۆرتی تر بڵاودەبنەوە.

جارێکیتریش داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین کەچیتر پەنا بۆ شتێك نەبات کەنەبێتە جێگای باوەڕ بۆ لایەنی بەرامبەر و لەجیاتی مامەڵەیەکی دروست تۆمەتیشی بۆ دروست بکات، چونکە هەرئەم ڕێکخراوانەبوون ڕۆژگارێکی زۆر لێبراوانە بەرگریان لەگەلی کورد دەکرد و ڕەخنەی لەبێدەنگی خۆرئاوا دەگرت ئیمڕۆش هەر هەمان ڕێکخراون کەبەشێوازی تر ڕەخنە لەووڵاتانی خۆرئاوا دەگرن کەلەبەرامبەر هەڵوێستی دەسەلاَتدارانی کورد بێدەنگیان هەڵبژاردووە.

ئەگەر نازانرێت ئەم بێدەنگیە تەندروستە یاخود ناتەندروست و ڕۆژگارێك دەنگ هەڵببڕن کەکاردانەوەکان بەشێوازێك بن ڕەنگە باجەکەی زۆر قورس بێت.

لەکۆتاییدا ئێمە گومانمان هەیە لەبوونی دامەزراوەیەك بەناوی مافەکانی مرۆڤەوە لەکوردستان چونکە لەماوەی ڕابردوودا سوکایەتیەکی زۆر بەمافی مرۆڤ کرا، بەڵام شتێك دەنگی نەبوو بەناوی دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان لەبەرئەوە ئێمە دەڵێین دامەزراوەی مافەکانی

مرۆڤ بوونی هەیە تاوەلآمی ڕاپۆرتێك بداتەوە كەپریەتی لەڕاستی و دروستی دۆخی هەرێمی كوردستان ئەوەش ڕادەگەیەنین، كەپێویستە هەموو لایەك بزانن ئەو وەلآمە تەعبیر لەڕای گشتی خەڵكی كوردستان ناكات و چونكە خەڵكی كوردستان پشتیوانی ئەم ڕێكخراوە لەڕۆژگارە سەختەكان لەبیرناكات و خەمخۆری ئێستاشی بەچاوی ڕێزەوە بەرزدەنرخێنێت .

**گروپی ڕۆژنامەنوســـانی بێسنوری كوردستان**

**هەولێر - هەرێمی كوردستان**

1-6-2011


Email- besnuri@gmail.com

Web- www.besnuri.com



--

http://www.besnuri.com

http://www.facebook.com/besnur

Grupî Rojnamenûsanî Bêsnurî Kurdistan

كوردستان گرووپی رۆژنامەنوسانی بێ سنوری

Kurdistan Borderless Journalists Group

مجموعة صحفيي بلاحدود كردستان

مرز كردستان گروه روزنامەنگاران بدون